بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
108
10 ی ئایار/ مەی 2025

# هەڵوێستی سەدر لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا!



عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## وتەی دەشتی جەمال لە ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان لە هەولیر... ٢٠٢٥/٥/٥

بۆ لاپەڕە ٤

## ١ی ئایاری ئەمساڵ، بزوتنەوەی چینایەتی دژی سەرمایەداری و بەشداری ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ئامادەکردنی نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٦

## پەیامی ڕێکخراوی بەریتانیای حزب بۆ کۆنفرانسی ڕێکخراوی ۆرکەر لیبەرتی

لەلایەن نوری بەشیر بەپرسی ڕێکخراو

بۆ لاپەڕە ٧



## سەرمایەداری و ئابوری کاری هەرزان

سەرەنجێک لە بارەی قەیرانی ئەمڕۆ!

ئیبراهیم حسین

موچە لە هەواڵەکاندا!

عوسمانی حاجی مارف ....... لاپەڕە ١١

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



# کۆنگرەی هەڵوەشانەوەی پەکەکە!

موحسین کەریم

بەپێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نزیک لە پەکەکە، پارتی ناوبراو، لەنێوان ڕۆژەکانی ٥تا ٧ی ئایاردا کۆنگرەی ١٢ی خۆی بەستوە. ئەگەرچی ڕاگەیاندنەکە شتێکی روون و یەکلاکەرەوەی تێدا نەهاتووە، بەڵام گومان لەوە نیە کە ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بووە. بەپێی هەندێ میدیای کوردی، میدیاکانی تورکیا پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە کۆنگرە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و چەکدانانی داوە!

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم کۆنگرەیە ڕێک سێ ڕۆژ پێش سەردانی سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ تورکیا لە ڕۆژی ٨ی ئایاردا و کۆبونەوەی لەگەڵ ئۆردوگان، سەرۆک کۆماری تورکیا دەبەسترێت، کە یەکێک لە خاڵە سەرەکی و گرنگەکانی کۆبوونەوەی نێوانیان پرسی پەکەکە و هەڵوەشاندنەوەی بووە. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەیاندا، ئۆردوگان ڕایگەیاند کە لەگەڵ سودانی لەسەر هاوکاریکردن دژی گروپە تیرۆریستیەکانی پەکەکەو گولەن و داعش لێک تێگەیشتنیان کردوە. سودانیش ڕایگەیاند کە پەکەکە هێزێکی قەدەغەکراوە لە عێراقدا و پێشوازی لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەکات.

لەچوارچێوەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی تورکیا و عێراقدا، بەتایبەتی دوای گۆڕانکاریەکانی سوریا، مەسەلەی پەکەکەو بوونی لە عێراقدا بێگومان یەکێک دەبێت لە پرسە سیاسی و ئەمنی و بگرە ئابوریەکانی نیوان ئەو دوو وولاتە. بۆیە چ بۆ تورکیا، کۆتاییهاتن و داخستنی کەیسی

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی.......کۆنگرەی هەڵوەشانەوەی پەکەکە!

پەکەکەو چ بۆ عێراقیش، رزگاربوون لە قورسایی پەکەکە و کۆتاییهاتنی بوونی چەکداری ئەو حزبە لە عێراقدا، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و هەستیارە. بەوجۆرە ئەگەری ئەوەی کە ساتی بەستنی کۆنگرەی ١٢ی پەکەکە هاوکاتی سەردان و کۆبونەوەی نێوان سودانی و ئۆردوگان بووە، ئاکامی جۆرێک لە گفتوگۆ و رێکەوتنی ژێربەژێری نێوان هەموو ئەو لایەنانە بێت کە پەیوەندیدارن بەو پرسەوە، شتێکی دوور و بێ پەیوەندی نیە.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆسەر مەسەلەی خودی کۆنگرەی ١٢ی پەکەکە. لە ڕاگەیاندنەکەی پەکەکەدا هاتوە:" کۆنگرەی ١٢ـەمینی پەکەکە لەسەر بنەمای بانگەوازی ڕێبەر ئاپۆ، سەبارەت بە کارەکانی پەکەکە بڕیاری گرنگی مێژوویی وەرگرت." هەروەها دەڵێت: "ئەنجامەکانی کۆنگرەی ١٢ـەمینی پەکەکە و زانیاری و بەڵگە فراوانەکان لەسەر بڕیارە وەرگیراوەکان، دوای کۆکردنەوەی ئەنجامەکانی هەردوو هەرێمە جیاوازەکە، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا بۆ ڕای گشتیی ڕایدەگەیەنرێت."

ئەگەرچی وەکو ڕاگەیاندنەکە دەڵێت بڕیارەکانی کۆنگرە لە ڕۆژانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە و هێشتا هیچ شتێکی روون و دیاریکراو سەبارەت بە بڕیارەکانی کۆنگرە لەبەردەستدا نیە، بەڵام وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا، بەپێی ئەوەی کۆنگرە لەسەر بنەمای بانگەوازەکەی ئۆجەلان ئەنجامدراوە و بڕیاری مێژوویی تێدا دراوە، ئەوە روون دەبێتەوە کە داواکاری ئۆجەلان کۆنگرەی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بووە نەک هیچی دیکە. ئۆجەلان بەروون و ڕاشکاوی و بێ هیچ مەرجێک داوای لەپەکەکە کرد کۆنگرەی خۆی ببەستێت و بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوە بدات. بۆیە هیچ گومانێک نامێنێتەوە بۆئەوەی کە کۆنگرەی ناوبراو ئەرکێکی دیکەی هەبووبێت بێجگە لە بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوە. کاتێکیش ئەو چەند دێرەی خوارەوەش دەخەینە تەنیشت ئەو بەشەی سەرەوەی ڕاگەیاندنەکە زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە پەکەکە کۆتایی بە قۆناغێک هێناوە کە وەکو خۆی دەڵێ ٥٢ ساڵی خایاندوە. ڕاگەیاندنەکە دەڵێت:" کۆنگرەی ١٢ـەمینی پەکەکە کە لە مانگی شەهیدان مانگی ئایار بەڕێوەچوو، بەرێز و خۆشەویستی و پێزانینەوە یادی شەهیدە قارەمانەکانی تێکۆشانی مێژوویی ٥٢ ساڵەی کردەوە. بانگەوازی لە گەلی وڵاتپارێزمان و هەموو هێزە سۆسیالیستە دیموکراتەکان کرد کە بە شێوەیەکی دروست خاوەنداری لە هەموو بەها دیموکراتیکی و نەتەوەییەکانی تێکۆشانی گەورەی ٥٢ ساڵە بکەن و بەتایبەت خاوەنداریی لە شەهیدانمان بکەن و بۆ هەمیشە یادیان بە زیندووی بهێڵنەوە." ئەو ڕاگەیاندنە بەروونی ئەوە نیشان دەدات کە ئیتر لەدوای ئەم کۆنگرەیەوە مێژووی ڕابردوو کۆتایی هاتوەو مێژوویەکی دیکە دەست پێدەکات؛ مێژووی دوای پەکەکە!

بێگومان پەکەکە لەو کۆنگرەکەیدا بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەو چەکدانانی داوە، بەڵام مەسەلەی جێبەجیبوونی لەمەیدانی واقعی و عەمەلیدا مەسەلەیەکی دیکەیە. پرسی هەڵوەشاندنەوەی هەر حزبێک، دەبێت لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەگەرچی بەبڕوای من ئەگەر ئۆجەلان داوای هەڵوەشاندنەوە و چەکدادانی پەکەکەی نەکردایە، نە پەکەکە کۆنگرەی بۆ ئەو مەبەستە دەبەست و نە بڕیارێکی لەوجۆرەشی دەدا. هیچ سەرکردەیەکی دیکەی پەکەکە خاوەنی ئەو جۆرە بڕیارە نیە. پێشتر لەقسەکانی موراد قەرەیلان زۆر بەڕوونی ئەوە خرایەروو، کە ووتی دەبێ سەرۆک خۆی بێت قەناعەت بە ئەندامەکانی پەکەکە بکات.

ئێستا پەکەکە دوا بڕیاری خۆی سەبارەت بە ئایندەی سیاسی خۆی لە کۆنگرەی ١٢دا داوە، ماوەتەوە ئەوەی کە کادرو ئەندامانی پەکەکە چی کارێکی سیاسی دیکە دەکەن؟ لەژێر چ ناوێکی دیکەداو بە چ شێوازێک؟ هەروەها لە هەمووی گرنگتر، هێزی چەکداری پەکەکە چی بەسەر دێت؟ چەکەکانیان ڕادەستی کێ دەکەن؟ چەکدارەکانیان دوای دانانی چەک لە کوێ نیشتەجێ دەبن و ئایندەیان چی دەبێت؟ ئایا عێراق و کوردستانی عێراق دەبنە وێستگەی جێبەجێبوونی ئەو بڕیارە! ؟ ئایا تورکیا ڕێگا دەدات بە گەڕانەوەیان؟ ئایا سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیلەوە بەرەو کوێ دەڕۆن!؟ و ... تاد. بەڕای من ئەو مەسەلەیە یەکێک دەبێت لە مەسەلە پڕ گرێوگۆڵە و پێچیدەکان! رەنگە دوای بڵاوبوونەوەی بڕیارەکانی کۆنگرەکەیان شتی زیاتر لەوبارەوە ڕوونبێتەوە!


ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com

ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# هەڵوێستی سەدر لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا!

عوسمانی حاجی مارف

موقتەدا سەدر دەڵێ: "تا گەندەڵی بەردەوام بێت، بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ناکەم، چونکە تەنها گرنگی بە بەرژەوەندی حزبی و نەتەوەیی و تائیفی ئەدەن، چاوپۆشی لە ئازارەکانی خەڵک و ئەو کارەساتانە دەکەن کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن"، هەروەها داوای لە لایەنگرەکانی کردووە خۆیان کاندید نەکەن و بایکۆتی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا بکەن!.

ڕەوتی سەدر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ دا، ٧٢ کورسی بەدەستهێنا و بووە گەورەترین بلۆکی پەرلەمانی، دواتر هاوپەیمانیەکی سێ قۆڵی لەگەڵ مەسعوود بارزانی و محەمەد حەلبوسی پێکهێنا، پێی دەگوت حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی، ڕکابەرەکانی لە (چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە) دوورخستەوە.

بەلام پاش ئەوەی لایەنگرانی لەناو ناوچەی سەوز هەڵیانکوتایە سەر پەرلەمانی عێراق، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی دەیان کەس و برینداربونی سەدان کەس. موقتەدا سەدر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا کشانەوەی تەواوەتی لە سیاسەتی عێراق ڕاگەیاند، هەروەها بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٢٣ی کرد، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ڕکابەرەکانی لە چوارچێوەی هەماهەنگی توانیان هەوڵەکانی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی پاشەکشە پێبکەن.

پێدەچێت سەدر زیاتر ترسی ئەوەی هەبێت و دەزانێت کە ئەو سەرکەوتنەی ساڵی ٢٠٢١ دووبارە نابێتەوە، ئەمەش شکستێکی سیاسی گەورە دەبێت بۆی لەمەیدانی ململانێی سیاسی لە عێراقدا.

هەڵبەتە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر جەماوەری ڕەوتی سەدر دانا، چونکە خاڵێک کە موقتەدا سەدر بۆ خۆشی نکوڵی لێناکات، ئەوە بوو چوارچێوەی هەماهەنگی سەرکەوتو بوو لە سەپاندنی کۆنترۆڵی خۆی، بە فرسەتهێنان لە ئامادەنەبونی سەدریەکان فراوانکردنی نفوزی جوگرافیان بەدەست هێنا، ئاشکرایە کە ئامادەبونیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا دوای ئەو جۆری ڕاگەیاندنەیان لە بەشداری نەکردن، کاریگەری نەرێنی لەسەر سەدریەکان دەبێت گەر بەشداری بکەنەوە. لەهەمانکاتدا ترسێکی تری سەدر لە خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئەوەیە کە کەس و لایەنێک بە گونجاو نازانێت کە بتوانێت هاوپەیمانی لەگەڵدا بکات ئەگەر بڕیاری خۆکاندیدکردن بدات.

لەلایەکی تریشەوە گەر سەدر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ڕکابەری بکات و ژمارەیەکی بەرچاویش کورسی بەدەست بهێنێت، ئەوە باش دەزانێت کە ناتوانێت هاوپەیمانی لە ناو پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت دروست بکات.

ئەوەی پێویستە وەبیری بهێنینەوە هاوپەیمانەکانی موقتەدا سەدر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ واتە بارزانی و پارتی پێشکەوتن، دوای ئەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی کۆنترۆڵی حکومەتی کرد، هەردوو لایان هەستیان بە شەرمەزاری کرد، کە هاوپەیمانیان لەگەڵ بزووتنەوەی سەدری دژ بە چوارچێوەی هەماهەنگی ئەنجامداوە، دواتر محەمەد حەلبوسی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی لەدەستدا، حکومەتی بەغداش لە زۆرێک لە کێشەکانی لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمدا فشاری زیاتری بەکارهێناوە.

جگە لە ترسی موقتەدا سەدر لەوەی پارتەکەی ناتوانێت سەرکەوتنێکی گەورەی هاوشێوەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ بەدەست بهێنێت، هەروەها دەیەوێت وەها نیشان بدات ئامادە نیە بەرپرسیارێتی "سیاسەتە چەوتەکان و مامەڵەی خراپی چوارچێوەی هەماهەنگی" لە بەرامبەر جەماوەری عێراقدا لە ئەستۆ بگرێت، بەتایبەتی کە لەلایەک حکومەتی عێراق لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکەدا ڕووبەڕووی کێشەی جدی بۆتەوە، لەلایەکی ترەوە ناڵەباری دۆخی ناوخۆی عێراق ئاماژەیە بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی نارەزایی جەماوەری لە داهاتویەکی نزیکدا، بۆیە سەدر تا بتوانێت خۆپارێزی هەڵدەبژێرێت، هەروەها نایەوێت خۆی بخاتە ناو کێشەی باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقدا.

ئەوەش بەدوور نازانرێت کە لەم دۆخەی ئێستای ناوچەکەدا، ئەگەری ئەوە هەیە عێراق ببێتە بەشێک لە توندبونەوەی ململانێی سەربازی لە نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلدا، هەروەها بڕیارە ئەگەر دانوستانەکانی ئێستا لەگەڵ ئێران شکست بهێنن، ترەمپ سزا بەسەر دامودەزگا داراییە عێراقیەکاندا بسەپێنێت، ،لەم حاڵەتەدا فراکسیۆنە عێراقیەکانی پاشکۆی ئێران دەبنە بەشێک لە ململانێی سەربازی نێوان تاران و واشنتۆن، لەم حاڵەتەدا سەدریەکان نایانەوێت و ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەن، بۆیە سەدر جاری دڵنیا نیە لەوەی سەربوونە سیاسیەکەی ڕابگرێت. هەرچەندە ئێران زۆرجار پەیوەندی لەگەڵ موقتەدا سەدردا هەبووە، بەشێوەی جۆراوجۆر پێیانڕاگەیاندوە کە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی سیاسی، بەلام سەدر ئەمەی وەک تەڵەیەکی ئێرانی بۆ ڕەوتی سەدر لێکداوەتەوە.

موقتەدا سەدر بەڕوونی بایکۆتی پرۆسەی سیاسی خۆی ڕاگەیاندووە، بەلام ئایا ئەگەری ئەوە هەیە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی خۆیدا بکات؟، ئەوەی پێشبینی دەکرێت ئەستەمە سەدر پاشەکشە لە هەڵوێستەکەی بکات، بەتایبەتی لەم کاتەدا، سەدر وارادەگەیەنێت

نایەوێت ببێتە بەشێک لە شکستی ژیانی سیاسی ئێستای عێراق، هەروەها لە لێدوانەکەیدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە کردووە، بەشداری لەگەڵ گەندەڵکاران ناکەن.

بەڵام لەڕاستیدا سەدر پێیوایە دۆخی سیاسی ئێستای عێراق لە هەر ساتێکدا قابیلی تەقینەوەیە، هەروەها حکومەتی چوارچێوەی هەماهەنگی بەجیا لەوەی دەرگیرو سەرگەردانە لە بەرامبەر ناجێگیری دۆخی سیاسی ئێستای ناوچەکەداو هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی، لە هەمانکاتدا ناتوانێت ڕووبەڕوی تورەیی نارەزایەتی جەماوەری ببێتەوە، بەتایبەتی لەبەرامبەر گەندەڵی بەردەوام و وەڵامنەدانەوە بە قەیرانی کارەبا و خزمەتگوزاریەکان و نالەباری ژیان و گوزەرانی دانیشتواندا، بۆیە سەدر چاوەڕێی ساتێکی گونجاوە، تا هەموو کێشەکان بەسەر ڕووخساری سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا بشکێتەوە. دواتر، فرسەتی ئەوە بهێنێت کە وەک ڕزگارکەری عێراقیەکان، گەڕانەوەی خۆی بۆ ژیانی سیاسی ڕاگەیەنێت.

بۆیە بەشداربوونی سەدر لە هەڵبژاردنەکانداو تێکەڵبونی لەگەڵ لایەنە شیعەکانی تردا، ئەو فرسەتە لەدەست ئەدات، گەر بیەوێت لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا دەور و کاریگەری خۆی لە گەڕانەوەی بۆ نێو ژیانی سیاسی دابنێت، یان پێگەیەک بەدەست بهێنێت تا لە ململانێی سیاسیدا بۆ کۆنترۆڵکردنی عیراق سەرکەوتوبێت، واتە ئێستا خۆی وەک گورکێک مەلاسداوە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕەکان دەکات، هەڵبەتە ئەوە ئاستی ڕێکخراوەیی و فراوانبوون و ئاسۆ و سەربەخۆیی نارەزایەتیەکانی جەماوەری خەڵکە لە کاریگەری هەر لایەنێکی ئیسلامی سیاسی، کە ئەتوانێت بەر بە سەدریەکان و هەر نمونەیەکی تر لە ئیسلامی سیاسی بگرێت کەدەیانەوێت ببنەوە بە لایەنی زاڵ بەسەر چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا.

★

# وتەی دەشتی جەماڵ لە ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان

## هەولیر ٢٠٢٥/٥/٥




دەنگ گەلێکی هێندە ئازاو بێوەستان هەن کەدەسەڵاتداران و ستەمکاران تەنانەت دوای مردنیش لێیان دەترسن.

ووتەی دەشتی جەماڵ لە ١٥ هەمین ساڵیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان

ئەمڕۆ ١٥ هەمین ساڵیادی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و کەسێک بەرز ڕادەگرین کەجگە لەقەڵەم هیچ چەکێکی لەدەستدا نەبوو. ئەو ڕەخنەگری دەسەڵاتێک بوو، ڕەخنەگری جیاکاری و بێمافی بوو، بۆیە قسەکانی لەشمشێر قووڵتر دەبڕن. لەبەرەکانی شەڕدا نەبوو، بەڵکو هەڵگری ڕەخنەیەکی چینایەتی قوڵبوو لە دژی دەسەڵات و ڕەمزەکانی بۆرژوازی کورد.

لەپێشت لاپەڕەکانەوە وەستابوو، بەڵام بناغەکانی دەسەڵاتی هەژاند. سوالی ئاسوودە بوونی نەکرد، بەخەبات داوای ئازادی و دادپەروەری دەکرد. فەرمانەکانی جێبەجێ نەدەکرد، وێڵی دوای حەقیقەت بوو. بۆ ئەوەش هەوڵیاندا بێدەنگی بکەن، پێیان وابوو ئەگەر ژیانی لێبسیننەوە، دەتوانن کۆتایی پێبهێنن، بەڵام هەڵە بوون. ئێستا سەردەشت عوسمان ناوێکە لەناوی سەرۆک حکومەت وپەلەمان و وەزیرو گوزیرو دەزگاکانی گەورەترەوە بووەتە هیمای ئازادی.

سەردەست عوسمان، دەنگێکە لەنێو هەر نارەزایەتیەکدا ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی دەپچرێت.. هێمایەک بۆ ئەوەی کەدڕندەیی تا چەند دەڕوات بۆ بێدەنگکردنی ڕاستی، هەوڵێکی نەزۆکە. گڕی لەناخی هەر نووسەرێکدا داگیرساند کە بەبوێری بنوسیت و کڕنوش نەبات..

سەردەشت عوسمان ئەو وشانەی پێداین کە تا ئێستاش لەدڵی دەسەڵاتداران وستەملێکراواندا دەنگ دەدەنەوە. ئەوان وایانزانی بەکوشتنی دەنگی سەردەشت دەنیژن، بەڵام نەیاندەزانی تووێکە لەهەموو گۆشەیەکی جیهاندا چێنراوەو بووەتە ڕەمزێک بۆ ئازادی..

سەردەشت عوسمان کوڕی کرێکارێک لەخێزانێکی

زەحمەتکیش،ڕۆژنامەنووسێک، دەنگی خەڵک بوو، بەووتاروو قەڵەمە ڕەخنەییەکەی پێی لەسەر ئەو جیاوازییە چینایەتییە دادەگرت کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. بەڵام ڕفاندیان ئەشکەنجەیانداو و کوشتیان، تا بێدەنگی بکەن و کۆمەڵگە بترسێنن..تا لەم ڕێگایەوە هەموو دەنگێکی ئازاد کپ بکەن.. ئەو خوێندکارێک بوو هیوا بەداهاتوو. تاوانبار نەبوو، هەڕەشە نەبوو بۆ سەر کۆمەڵگە، بەڵکو سەردەشت عوسمان هەڕەشە بوو بۆ درۆ، بۆ گەندەڵی وجیاکاری وستەمکاری و پێداویستییەک بوو لەدژی دەسەڵاتێک کە لەسەر ترس و کۆنترۆلکردن بنیاتنراوە، ڕۆژنامەنوسێک بوو بەقەڵەمەکەی بوێری ئەوەی هەبوو ڕاستی بڵێت لەکۆمەڵگەیەکدا کە ڕاستی سزا دەدرێت. خوێندکارێک بوو بوێری ئەوەی هەبوو لە سیستەمێکدا پرسیار بکات، کە پرسیار خەتی سورەوو حەرامە. بۆ ئەوەش حکومەت هەر ئەو دامەزراوەیەی کە مەبەست لێی خزمەتکردن و پاراستنی بووە، بوو بەبکوژەکەی.

با ئەوەش بە ڕوونی بڵێم، بۆ ئەوەی هەموو ترسنۆکێکی دەسەڵاتدار بیبیستێت: لەوانەیە کۆتایی بە ژیانێک بهێنێت، بەڵام هەرگیز ڕاستییەکان ناسڕێتەوە. ڕەنگە تۆ ژیانی ئەوت بردبێت، بەڵام دەنگی ناسڕێتەوە، مرۆڤی باش بەدەستی سیستەمێک نامرێت کە بۆ پاراستنی تەنها خۆی دروستکراوە.

لەوانەیە تەرمی کەسێک بنێژێت، بەڵام ناتوانێت بزووتنەوەیەک بنێژێت. لەوانەیە کەسێکی باش بکوژێت، بەڵام بەم کارە هەزار کەسی تر دروست دەکەیت. چونکە مردنیان کۆتایی نییە. پریشکێکە. پریشکێک کەئاگری خەبات و تیکوشان و، تورەیی، دادپەروەری داگیرسێنێت کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، دەسەڵاتداران ئەگەر پێیان وایە دەتوانن بەکوشتنی مرۆڤێک بیرۆکەکان بکوژێت. دەتوانن لاشەیەک بنێژن، بەڵام ناتوانن حەقیقەت بنێژن. بۆ هەر ڕۆژنامەنوسێک کەبێدەنگ دەکەیت، دەیان ڕۆژنامەنووسێکی تر هەڵدەستن. بۆ هەر خوێندکارێک کە دەینێژیت هەزارکەس ڕێپێوان دەکات.

سەردەشت عوسمان لەنێوماندایە لەنارەزایەتیەکاندا پڕ بەگەرووبەدەنگی بەرز قسە دەکات، بەدوای مەرگیدا کلپەی نارەزایەتیەکی گەورە لەکوردستاندا هاتە ئاراوە بەرامبەر بەستەمکاری و گەندەڵی و بێ مافیەک کە دەسەڵاتدارانی کوردستان چەند دەیەیە بەسەر خەڵکی کوردستاندا دایان سەپاندبوو، دواتریش ١٧شوباتی بەرهەمهێنا کە دوا دیواری نێوان خەڵک ودەسەلاتیرووخاند. ناوی سەردەشت بوو بەڕەمزی نارەزایەتیەکان و ناوی ئەو لەمێژوودا هەڵکەندراوە وهەرگیز ناوی لەبیر ناکرێت لەناخی هەمواندا دژی.

ئەمرۆ، بەدڵێکی پڕ حوزنەوە لەسەر گلکۆی سەردەشت عوسمان کۆبووینەتەوە بۆ ڕێزگرتن لەیادی ئینسانێک کەژیانی خۆی بەخشی لەپێناوی ڕاستیدا...گیان لەدەستدانی سەردەشت تەنها خەسارەتێک نیە لەو کەسانەی کەدەیان ناسی و خۆشیان دەویست،بەڵکو نەمانی زیانێکی گەورە بوو لەکۆمەڵگاو بزوتنەوەی ئازادیخوازی و ئینسان دۆستی.

بۆیە ئێمە بەدەنگی بەرز دەڵێین، بەبوێری دەنووسین ونارەزایەتی دەردەبرین بەرەو پێشەوەی دەبەین. هەرگیز ناوی سەردەشت عوسمان لەبیرناکەین. ئەو لەهەموو نارەزایەتیەک لەپێناوی نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی و لەپێناوی دنیایەکی باشتردا لەگەڵماندایە. لەهەرگۆشەیەکی ئەم جیهانەدا سەرکوتی ئازادی دەکرێت، سەردەشت دەنگی نارەزایەتی ئەوانەو سنورەکانی بریوە. ئەو لەپێناوی بەرگری لەڕاستی، نەچەمیوە، ئەو هێمایەکە لەهەمواندا دەژی.

بۆ باوک ودایک و براو خۆشک و هاوکاران و خۆشەویستان وهاوسۆزان وهاوپیشەکانی سەردەشت عوسمان، سوپاس و پێزانینی قوڵم ئاراستەی ئێوە دەکەم. پێتان دەڵێم: سەردەشت تەنها کورو ڕۆڵەی ئێوە نییە، ئەو بووەتە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگری بەرگری لەئۆردوی بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستان. ڕۆڵ و ئازایەتی سەردەشت هێمای بەردەوامی خەبات و کۆڵنەدانە لەپێناوی ئازادی و بەرابەریدا. ئەم پەیامە سنور بڕو بەردەوامە. ئەگەر پەیامی سەردەشت، پەیام و بانگەوازی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو تێکۆشەرە، ئەوا بۆ دەسەڵاتداران مۆتەکەو مایەی ئەو پەڕی نەنگییە.

تیرۆری سەردەشت عوسمانی ئازیز.... بەڵگەی ڕسوایی دەسەڵات و هاندەری تیکۆشەرانی ڕێگای ئازادیە، بۆکۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتەی کە لەدەنگی ئازادو ڕەسای ئازادیخوازی دەترسێت.

مەرگ و شەرمەزاری بۆ بکوژانی سەردەشت!

بەرز و بەریز بێت یاد و ڕێگای سەردەشتەکان!

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

# ١ی ئایاری ئەمساڵ، بزوتنەوەی چینایەتی دژی سەرمایەداری و بەشداری ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ئامادەکردنی نوری بەشیر



تایبەتمەندی ئایاری ئەمساڵ لەبەرامبەر هەلومەرجێکدا بوو کە دنیای ئەمڕۆی سەرمایەداری بەخۆیەوە دەبینێت، لە هاتنەپێشەوەی باڵی ڕاست و فاشیستی بۆرژوازی بۆسەر دەسەلات لە چەندین وولاتی ئەورووپی و لە ئەمریکا، یان هەوڵیان بۆ سایەکردن بەسەر هەلومەرجی جیهانی قەیرانگرتووی سەرمایەداری و شکاندنەوەی بەسەر چینی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگادا، بۆ لێسەندنەوەی دەستەکەوتەکانی چینی کرێکار و ژنان و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز کە بەخەباتی بێوچانی خۆیان بەدەستهاتووە. لە دۆخێکدا بوو کە بۆرژوازی بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ بێکارکردن، سەپاندنی کرێی کەم، هەلومەرجی کارکردنی سەخت و نائەمن، کاری تاقەتپڕوکێنی ژنان و منداڵان، بێدەربەستی بەژینگەو بەهێزکردنی ڕاسیزم و فەزای دژی بێگانەو سەپاندنی هەلولومەرجی جەنگ و کۆمەڵکوژی و برسێتی و کاولکاری بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەت و نەخشەی نوێیان بۆ دنیای چەند جەمسەری ئەمڕۆ و سازدانەوەی دنیا بەپێی بەژەوەندیەکانی جەمسەرە نوێیەکان، بەمەش دنیایان خستوتە بەردەم دۆزەخێکی ترسناک بۆ مرۆڤایەتی.

هەربۆیە هاتنەمەیدانی ڕیزی ملیۆنی کرێکاران و بەرەی ئازادیخواز لەسەرسەرای دنیادا، لەپاڵ خواستە ئابوریەکانیان بەدژی هێرشەکانی حکومەتانی سەرمایەداری و بۆرژوازی دەسەلاتدار بۆسەر چینی کرێکار، خواستی سیاسیان بەدژی جەنگ و ملیتاریزم و کوشتارو برسێتی سیستەمی سەرمایەداری و سەرانیان لە چەشنی ترەمپ و هاوشێوەکانی بە لافتەو پلاکارد و وێنەوەی دروشم و بەرزکردنەوەی وێنەی مارکس، مارشەکانیان لە شەقام و ناوەندی شارەکانی جیهاندا کە لەزۆرێک لە ولاتەکان، لەکۆتایی نیسانەوە تاکو چەند ڕۆژ دوای ١ی ئایاریش بەشێوەی جۆراوجۆر، ئایار وەک ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار بەرزڕاگیرا. ئەم هاتنەمیدانەی کرێکاران و جەماوەری یەکسانیخواز لە بۆنە ئایاریەکان و خودی ١ی ئایاردا، دەنگبەرزکردنەوەی چینی کرێکار بوو وەکو هێزکی ئاڵوگۆڕبەخش بەرامبەر بەچینی سەرمایەدار و حکومەتەنیاندا.

هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و ڕێکخستنەکانی لە کوردستان و لە ئاستی دنیادا لەپاڵ ئەو ڕیزە ملیۆنیەی چینی کرێکارو سەندیکاو یەکێتیە کرێکاریەکان و چەپ و سۆشیالسیت و ئازادیخوازاندا بە خواست و داواکاری کرێکاری و سیاسیەوە بە فراوانی بەشدارییان کرد.

لە کوردستان ڕێکخستنەکانی حزب بەشداری فراوانیان لە بۆنەکانی ئایاردا کرد، کۆبوونەوەی ١ی ئایاری کرێکاران لە بازیان کە دەنگی کرێکار ڕیکیخستبوو، چالاکانە بەشداریان کرد، لە سلێمانیش بەشداری کۆبوونەوەو ڕێپێوانی ١ی ئایار کە لەلایەن کۆمیتەی ١ی ئایارەوە سازدرابوو بەشداریان کرد. هەروەها ڕێکخستەکانی حزب لە دەرەوە لە ولاتەکانی: فنلەندا، نەرویج، ئەڵمانیا، بەریتانیا، سوید و کەنەدا بەشدارییان کرد و بەدروشم و لافتەو پلاکاردەکانی حزب دیمەنێکی چالاکیە ئایاریەکانیان ڕازاندەوە. ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حزب لە زۆرێک لە ولاتەکان، سەرەرای بەشداری لە چالاکیە گشتیەکانی یەکی ئایار کە لەلایەن ڕێکخراو یەکێتیە کرێکاریەکانەوە سازدرابوون، چەندین سیمینارو کۆبوونەوەیان بەبۆنەی ئایارەوە ئەنجام دا. هەروەها لە چەندین شوێن چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕابەران و هەڵسوراوانی کرێکاری و یەکێتیە کرێکاریەکان سەبارەت بە یەکی ئایار و خواستەکانی کرێکاران ساز دا.

★

# پەیامی ڕێکخراوی بەریتانیای حزب بۆ کۆنفرانسی ڕێکخراوی ۆرکەر لیبەرتی

## لەلایەن نوری بەشیرەوە بەپرسی ڕێکخراو




هاورێیان...

سەرەتا پیرۆزبایی بەستنی کۆنفرانستان لێدەکەین و سوپاستان دەکەین بۆ بانگێشتکردنمان بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکەتاندا.

هاورێیان وەکو ئاگادارن، سەرمایەداری لەناو گێژاوی قەیرانەکان و ڕاکردن بەدوای قازانج و کەڵەکەی ساماندا، نەک هەر دۆخی ژیان وگوزەرانی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی روبەرووی مەترسی کردۆتەوە، نەک هەر ژیانکردن لە هەژاری و برسێتی و بێمافیدا لە چوارگۆشەی دنیادا بەسەر چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشکراودا سەپاندوە، نەک هەر ئەو دەسکەوتانەی کە نزیک بە سەدەیەک لەمەوبەر چینی کرێکار لە زۆربەی وولاتانی رۆژاوایی و ئەوروپیدا، بەدوای ئەویشدا لە زۆربەی وولاتانای دنیادا، لە پەیوەند بە هەلومەرجی کار، کرێ، سەعاتی کارکردن، سەلامەتی و مافی خۆپیشاندان و مانگرتن و ...تاد. بە خەبات و قوربانیدانی خۆیان لەبۆرژوازی و دەولەتەکانیان سەندبوو، بگرە جەماوەر بەگشتی لەسایەی ئەو خەباتەی چینی کرێکارەوە، دەستیان بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری و ماف و ئازادی گەیشتبوو، ئێستا نەک ئەمانە کەوتونەتە بەر هەڕەشەی بەردەوامی لێسەندنەوەو نەهێشتنی لەلایەن دەوڵەتە سەرمایەداریەکانەوە، بگرە لەرێگای شەڕە ناوچەییەکانیان و توندکردنەوەی کەشوهەوای میلیتاریزم و هەڵپەکردنیان بۆ قازانج و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ووزەو کانزا و کەرەستەی خاو و جەنگە بازرگانیەکانیان، وە لەئاستی جیهانیدا، ژیان و مانەوە و ئایندەی ملیۆنەها ئینسانی کرێکارو زەحمەتکێشیان خستۆتە بەردەم تونێلێکی تاریک و هەڕەشەی لەناوچوونەوە!

جەنگی ٣ ساڵەی بەوەکالەتی نیوان ناتۆ و روسیا لە ئۆکرانیا، کە ژیانی سەدان هەزار مرۆڤی کردۆتە قوربانی و سەدان هەزاریشی تووشی پەککەوتەیی و لەدەستدانی بەشێک لە جەستەیان کردوە، ئۆکرانیای نابوت و وێران کردوە و ملیۆنەها هاوڵاتی ئۆکرانیای ئاوارەی وولاتانی ئەوروپا کردوە، پەرەگرتنی ڕاسیزم و ڕاسترەوی بۆرژوازی لە ئەوروپا و چووەنەسەدەسەڵاتی پارتە فاشیست و ڕاسترەوە توندڕەوەکانی بۆروازی بۆسەر حوکم و سیاسەتی خۆپڕچەککردن و تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ چەک و پێشبرکێی میلیتاریستی و سەپاندنی باج و گرانی بەسەر چینی کرێکار و، جینۆسایدی ئیسرائیل دژی هاوڵاتیانی غەززەو بۆردومانەکانی ئیسرائیل دژی خەڵکی لوبنان و سوریا و پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیاو نۆکەرانی بۆسەر دانیشتوانی رۆژهەڵات و باکوری سوریا و دواتریش ملهوڕی و هێزنواندنی ئەمریکا دژی ئێران کە دۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی روبەرووی مەترسی جدی کردۆتەوە ، هەموو ئەمانە بەرهەمی ئەم دۆخە قەیرانگرتوەی سەرمایەدارین کە خەریکە لەگەڵ قەیران و چاوچنۆکی و گرفتەکانی خۆیدا مرۆڤایەتی بۆناو کورەی ئاگر پاڵپێوەدەنێت.

ئەم دۆخە خەتەرناکەی روبەرووی چینی کرێکار لەئاستی جیهاندا بۆتەوە، هۆکارەکەی تەنها زاڵبوونی دەسەڵاتی بۆرژوای و چاوچنۆکی ئەوان بۆ قازانج و کەڵەکەی سامان و چەوساندنەوەی لەڕادەبەردەی چینی کرێکار و پێشبکڕێی نێوان کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و سەپاندنی ملیتاریزم بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا نیە، بەڵکو لە لایەکیدا ئاکامی لاوازی بزوتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی چینی کرێکارە لە جەرگەی خەبات و تێکۆشان بۆ روبەرووبونەوەدا لەگەڵ بۆرژوازی و نەبوونی حزبە کۆمۆنیستیەکانی چینی کرێکارە کە لە جەنگی چینایەتیدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو ڕابەری چینی کرێکارو جەماوەری

کەمدەرامەت و زەحمەتکێش بکەن بەرەو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری سەرمایەو دامەزراندنی دەسەڵاتی چینی کرێکار.

دۆخی خەباتی چینی کرێکارو زەرەرورەتی ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ ئەم جەنگە چینایەتیە کە لەگەڵ رزگاری خۆی لە دەسەڵاتی سەرمایە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لە ستەم و چەوساندنەوەو بێمافیەکان و شەرەکانی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان رزگار بکات، ئەوە لەئێمە کۆمۆنیستەکانی چینی کرێکار دەخوازێت کە خۆمان بۆ ئاستی ئەم بەرپرسیارێتیە مێژوویی و چینایەتیە بەرزبکەینەوە. دەبێ ئامادەیی فکری و سیاسی و رێکخراوەیی چینەکەمان، چینی کرێکار فەراهەم بکەین تا لەم دۆخە دەربازی بکەین و هەنگاو بەرەو دنیایەکی باشتر ، دنیای ئازاد و یەکسانی کۆمۆنیستی بنێت. ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش بەبێ یەکخستنی ریزی سیاسی و رێکخراوەیی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و رێکخراوە کۆمۆنیستیەکانی چینی کرێکار مەیسەر نابێت. ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر زەمینەی بابەتی روخاندنی دنیای نایەکسانی سەرمایەداری فەراهەم بووە و لەهەموو کاتیکیش زیاتر زەرورەتی پەیداکردوە بۆئەوەی مرۆڤایەتی لە برسێتی و کارەسات و لەناوچون بپارێزین.

لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوزین و ئومێدەکەین کە بریارەکانی کۆنفرانس و کارەکانی داهاتووتان بەو ئاقارەدا بڕوات کە دەوری شایستە بگێرێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هەیە لەپەیوەند بە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کرێکاری شۆرشگێری بەهێز لە بەریتانیادا و دەوری لە بزوتنەوەی چینایەتی کرێکاران لە بەریتانیا و لەئاستی نێوەنتەوەییدا.....

سەرکەوتوو بن

# سەرمایەداری و ئابوری کاری هەرزان
# سەرەنجێک لە بارەی قەیرانی ئەمڕۆ!

## ئیبراهیم حسین

ترامپ و دەوڵەتی مۆڵتی میلیاردێرەکانی سەرمایە و بواری تەکنۆلۆژیای زیرەک دواجار گەرێکی تری شەرێکی بازرگانی گەورەیان راگەیاند لە دژی ئابورییەکانی تری سەرمایەداری ئەمرۆ و بەتایبەتی چین کە بە شەری تاریفەگومرگیەکان ناسراوە. هەنگاوێک کە لەلایەن زۆریکەوە بە هەوڵێکی ترامپ و دەوڵەتی مۆڵتی میلیاردێرەکان لێکدراوەوە بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی باری لاسەنگی کورتهێنانی بازرگانی ئابوری ئەمریکا.

ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی مۆڵتی میلیاردێرەکانی تەکنۆلۆژیای زیرەک وەک بەڵتەجە و ملهورییەکی بێپەردە لە دژی ئابوورییەکانی تر و بەتایبەت ئابوری چین تەواوی بازاری دراو و بازرگانی دنیای توشی هەژانێکی گەورە کرد، بۆرسەکان هارەیان کرد و لەهەر لایەکەوە پێشبینیەکان لەسەر دەستپێکردنی سەردەمێکی سەخت بۆ هەموان راوەستان.

بەڵام ئەوە تەنیا هەنگا و رێکارێک نەبوو کە ترامپ و دەوڵەتی مۆڵتی میلیاردێرەکان لە ئەمریکا بۆ سازدانەوەی سەرمایەداری لە ئەمریکا بیگرێتەبەر، بەڵکو خۆی بەشێکی کۆمەڵە رێکارێکی فراوانی ترن بوون کە بە جەنگ و چاوسورکرنەوە لە ماوەی سی ساڵی رابردودا گیراونەتەبەر لە دژی مەنتیقە سادە ئابورییەکەی سەرمایە کە دەمێکە بە ئاراستەی لاوازکردنی پێگە و دەسەڵاتی بێرکابەری ئابوری ئەمریکا لە جوڵەدایە. ئەوەی کە ستراتیژی میلیتاریزم و ویرانکردنی دنیا و ملهوری چەک و کوشتاری راستەخۆ نەیتوانی بیکا و ئەنجامی بدا ترامپ و دەوڵەتی مۆڵتی میلیاردێرەکان دەیانەوێ بە مەنتیقە ئابوریەکە، بە تەنگاوکردنی ئابوورییەکانی تری دنیا و تەنانەت بە خنکاندنیان بە رێکاری ئابوری واتە بە جەنگی جیهانی ئابوری، وەڵام بدەنەوە.

بۆیە ترامپ نوێنەری نیازە سەرشێتەکانی شەخسی خۆی نیە بەڵکو ئەو باوکی سیاسی مۆڵتی میلیاردێرەکانی سەرمایەداری ئەمریکا و نوێنەری بەڵتەجیەت و ملهوری و گۆپاڵ بە دەستی گلۆباڵیزمی سەرمایەداریە لەم سەردەمە کە خەریکە بە شێوازی تر وەڵامی ئەو راستیانە بداتەوە کە وایکردوە رێژەی سودی سەرمایەی ئەمریکا و ئەوروپا لە کۆی زێدەبایی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سود، سەرباری باڵادەستی رێژەیی تەکنیکی سەرمایەداریەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بەراورد بە سەرمایەداری و ئابوریەکانی چین و حەوزەکانی تری ئابوری کاری هەرزان، بێتە خوار ئاستی خوازراو.

### کابوس یان ئارەزوی گۆران بە چین

چین و بازاری چین کە تائێستا وەک روگە و جەزیرەیەکی خەیاڵی وا بوو بۆ سەرمایەی گەورەی پیشەسازی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ گەورەبوون و کەڵەکەبوون ئێستا ئیتر خەریکە بە کورتیەکەی دەگۆرێ بە کابوس و غۆلێکی ترسناک کە توانای لوشدانی سەرمایەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا و رێژەیەکی بەرزی بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی و سودی هەیە. ئەمە ئیتر ئەو خاڵەیە کە سەرمایەداری ئەمریکا

و ڕۆژئاوای دوچاری مالیخۆلیا کردوە و ترامپیسم نەک کۆتایی دیموکراسی و لیبرالیزم نیە وەکو دەوترێت، بەڵکو هەوڵ و ستراتیژێکە بۆ ڕزگارکردنی ئەم دوانە لەو هەموو تەکلیفە زیادانەی کە تا ئێستا تێیانەوە پێچراوە بە زۆری خەباتی چینایەتی و دەیان و سەدان ڕاپەڕین و جوڵانەوە و فشاری چینی کرێکار و چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگە. سەرەنجام ستراتیژ و ئالایەکە بۆ ڕێکخستنەوەی کاپیتالیزم و سەرمایەداری ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای کاری هەرزان.

دی جی سلیڤان لە کۆبوونەوەی سەرانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە میونیخی ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ ئەمەی ڕاگەیاند، کاتێک ووتی: مەترسی و هەڕەشە لە خودی ڕۆژئاوا خۆیدایە نەک ڕوسیا و ئەوانی تر! وەک ئەوەی پێیان بڵێ کە هەڕەشەکە بەردەستنەبوونی کاری هەرزان و ئەو هەموو تەکلیفەیە کە دەوڵەت و کۆمەڵگە لە دابینکردنی بیمە کۆمەڵایەتی و ڕیفاهیەکان، تەندروستی و لانیکەمەکانی ژیانی چینی کرێکار و هاولاتیانە کە شانی ئابوری و بازاڕ و سەرمایەی لەو کەمپەدا قورس کردوە. ناوەڕۆکی پەیامەکە ئەوە بوو ئەگەر ئەوروپا نایەوێ لە شەڕی ئابوری کاری هەرزان دا بکەوێ، ئەوا دەبێ شەڕێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە دژی چینی کرێکار و هاولاتیانی کەمپی خۆی بەرپا بکات بۆ ئەوەی ناچاریان بکات بە ئابوری کاری هەرزان و ئابوری کاری هەرزان پیادە بکات ئەگەرنا بە چین و ئەو ئابوریانەی تری سەرمایەداری لە ئاسیای دور دەدۆڕێن کە پشتیان داوەتە ئابوری کاری هەرزان.

دەمێکە لانیکەم لە ماوەی سێ چوار دەهەی ڕابردووە تا ئێستا چین ڕوگەیەکی ئارام بووە بۆ سەرمایەی پیشەسازی ڕۆژئاوا. ڕەوکردن و کۆچی سەرمایەی پیشەسازی بۆ بازاڕی چین مەیل و خواستێکی گەورەی ئەوتۆ بوو کە بە پەتای ڕەوکرن و کۆچ بەرەو چین ناسرا بوو بەجۆرێک کە کرێکاری ئەوروپی و ئەمریکی لەوە دەترسان کە زۆر داوا بکەن یان زۆر مانگرتن بکەن و زۆر پێی لێهەگرن، چونکە وەڵامەکە ئەوە بوو ئەو کاتە کۆمپانیاکان و سەرمایەکان کۆچ دەکەن و ئیتر گەشە و ئابوری سست دەبێ و بێکاری ڕوودەدا.

بەهەر حاڵ ئەم ڕەوە گەورەیەی سەرمایەی پیشەسازی بۆ چین لەماوەی زیاتر لە سێ چوار دەهەدا چینی گۆڕی بە کارگەی پیشەسازی دنیا. ئیتر وردە وردە چین لەوەی کە تەنیا ڕۆڵی سێبەر لە ئابوری سەرمایەداریدا بگێڕێ هاتەدەر و بوو بە یەکێک لە غوڵە گەورە ئابووریەکانی سەرمایەداری ئەم سەردەمە. شتێک کە ئەمریکا و ترامپ دەیانەوێ ئەگەریش نەتوانن بەتەواوی بیکەنە شووشەکەوە، هەر نەبێ بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. هەربۆیە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی قەڵەمبازی ئابوری چین ئەم ڕوکردنە گەورەیەی سەرمایە پیشەسازی بوو بۆ بازاڕی چین، بەڵام ئەوەی کە وایکرد چین و بازاڕی چین وا بەوشێوە و لەو ئاستە گەورەیەدا ببێتە مەڵبەندی ڕاکێشانی سەرمایەی پیشەسازی دنیا و سەرەنجام ببێ بە کارخانەی پیشەسازی دنیا، بەجۆرێک کە سەرکەوتن و باڵادەستی ڕێژەیی تەکنەلۆژی ئەمریکا و ڕۆژئاواش دەرەقەتی ڕاستکردنەوەی پارسەنگی هاوکێشەی کورتهێنانی بازرگانیان لەگەڵ ئەو ئابوریە لە ڕۆژهەڵاتی دور دا نەیەن، ئابوری کاری هەرزان بوو.

سەرەنجام هەرچی تەکنۆلۆژیا گەشە بکات و هەرچی بکات، بەڵام دواجار نهێنی سەروەت و سود لە قودرەتی بەرهەمهێنەری کاردایە و سەرمایە بۆ گەورەبوون و کەڵەکە بوون هیچکات ناتوانێ بەبێ دوانە ئەزەلیەکەی خۆی کە کاری مرۆڤە، بژی و زیاد بکات و گەورە ببێ.

نهێنیە سادەکەی سەرمایە لێرەدا خۆی مەڵاسداوە، واتە نهێنی قودرەتی بەرهەمهێنەری سەرمایە لە توانیستی بەرهەمهێنەری کاردایە. خەڵلاقیەتی کاری مرۆڤ خوڵقێنەری بەها و سەرچاوەی سەروەتی کۆمەڵایەتیە و سەرمایە خۆی شتێک نیە جگە لە بە ماددیبوونی ئەو توانستە زیندوەی کۆمەڵایەتی کار. بەو مانایە هەرچی بەهای هێزی کار لە خوارتربێ، هەرچی کاتی کاری کۆمەڵایەتی پێویست، بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار کەمتر بێ، ئەوا بەشی سەرمایە و بەمانایەک سودی سەرمایە لە کۆی سەروەتی کۆمەڵایەتی زیاتر و زیاتر دەبێ لە لایەک و لە لایەکی تر نرخی کاڵاکان لە خوارتر و بەو مانایەش هەر ئەم تایبەتمەندیە دەتوانێ وەک عەسایەکی سیحری هەر قەڵایەکی ئاسنین تێک بشکێنێ و هەر بازاڕێک داپۆشن و داگیری بکات.

چین جوغرافیایەکی ئابوری سیاسی سەدان ملیۆنی هێزی کاری هەرزانە کە هیچ گەردو غوبارێکی ئایدیۆلۆژی و هیچ قەڵا و بەربەستێکی ئەخلاقی ناتوانێ ڕێگە لەوە بگرێ کە سەرمایەی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی عاشق و شیفتەی خۆی بکات. ڕەو و هیجرەتی چەندین دەهەی سەرمایەی پیشەسازی بۆ بازاڕی چین، بەڵگەی ئەم عەشق و هەوەسە گەورە و قوڵەیە کە سەرمایە بە هێزی کاری هەرزان هەیەتی.

هێزی کاری فراوان و هەرزان و ئاسایشێکی درێژماوە کە بۆ گەشەو کەڵەکەی بێدەردیسەری سەرمایەی پیشەسازی لە چین ولاتانی کاری هەرزان فەراهەمکراوە ئەو جادویە کە وایکردوە سەرمایەی پیشەسازی ڕۆژئاوا، دنیای لیبڕالیزمی بازاڕی خۆی بە جێبهێڵێ و رووبکاتە ئابوری کاری هەرزانی دەوڵەتی چین و هەموو دوژمنایەتی کلاسیک و ئایدیۆژی خۆی لەگەڵ دەوڵەتگەرایی ئابوری بە بێدەنگی قوتبدات. هەر ئەم هاوکێشەیەش بوو کە وایکرد چین بگۆڕێ بە کارگەی پیشەسازی دنیا و ڕۆژ ئاوا و تەنانەت ئەمریکاش تارادەیەکی زۆر ببن بە کەتالیزۆر و پاشکۆی ئابوری

چین، شتێک کە لە زمانی ئابووری سیاسید بۆرژوازیدا پێیدەڵێن کورتهێنانی بازرگانی.

ترامپیسم تەنیا بریتی نیە لە ڕاگەیاندنی کۆمەڵە ڕێکارێکی سەرو ئاسایی ئابوری بۆ خنکاندنی ئابوورییەکانی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی دووردا کە تازە سەرباری هێزی کاری هەرزان، دەستیان بە تەکنۆلۆژیای زیرەک و پێشکەوتوش ڕاگەیشتوە، بەڵکو لەهەمانکاتیشدا ستراتیژ و ئالایەکە بۆ ڕێکخستنەوەی سەرلەبەری ئابوری سەرمایەداری لە کەمپی ڕۆژاواشدا لەسەر بنەمای کاری هەرزان. سەرمایەداری ئەمریکا و ڕۆژئاوا چیتر ناتوانن تەنیا بە ڕووکردنە بازاڕ و ئابوورییەکانی حەوزەکانی کاری هەرزان لە چین و ئاسیای دوور و بۆ هەڵوشینی هێزی کاری هەرزان و بەردەستکردنی سود و سەروی سود بەشێوەکانی پێشوو بەردەوام بن بە بێ پیادەکردنی ڕاسترەویەکی گەورە لە شێوەی شەڕێکی گەورە و هەمەلایەنەی سیاسی و فەرهەنگی و فیکری لە دژی ژیان و گوزەران و بەشی چینی کرێکار لە سەروەت و داهاتی کۆمەلایەتی و تەنانەت لە دژی دەسکەوتەکانی مەدەنیەتی تا ئێستا و لە دژی لانیکەمە قبوڵکراوەکانی ژیانی چینی کرێکار و چینەبێبەشەکان لەو کەمپەدا.

هەر بۆیە ترامپ هاوشانی ئەم جەنگ و شەڕفرۆشیە بازرگانیە لە دژی ئابوریەکانی دەرەوەی ئەو کەمپە، دەبێ و ناچارە کاری ڕێکخستنەوەی ئابوری کاری هەرزان لە ناو کەمپەکەی خۆیدا لەگەڵ چینی کرێکار و هاوڵاتیانی ئەو کەمپەدا یەکلابکاتەوە و ئەو شەڕە، واتە شەڕی ئابوری کاری هەرزان ڕابگەیەنێ. ئەمە بەخشیشی ترامپیسمە بۆئەوەی سەرمایەی پیشەسازی هان بدا کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ماڵ و نشتیمانیەکەی خۆی.

لێگرتنەوەی فراوان و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی فراوانی بیمەکۆمەڵایەتی و دەرمانی و تەندروستیەکان، بەشێک بوون لە ستراتیژێک بۆ هەڵوەشاندنەوە و کۆتاییپێکهێنانی تەواوەتی ئەو خەرجیانەی کە سەرمایەداری ڕۆژئاوا بەحوکمی ئەو ئیمتیازانەی لە هێزی کاری حەوزەکانی ئابوری کاری هەرزان لە بەشەکانی تری دنیا و باڵادەستی تەکنۆلۆژی و چ بە هۆی چاوسورکردنەوە و باڵادەستی سەربازی بەسەر دنیاوە و چ بە ناچاری و لە ژێر فشاری خەباتی چینایەتی و هاوسەنگی جێکەوتوی پەیوەندی کار و سەرمایە لە کەمپی خۆیدا، دەیتوانی تەحەمولی بکا. ئیتر جەنگی سەپاندنی ئابوری کاری هەرزان بە کردووە ڕاگەیەنراوە لە دژی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی.

ئەم جەنگە، جەنگە گەورە و سەرەکیەکەی دنیای ئەمڕۆیە ، جەنگی چینایەتی جەنگی کار و سەرمایە. جەنگی دەستبەسەرداگرتنی موقەدەراتی چینی کرێکار و توانای کار و داهێنانی مرۆڤی کارکردوە تا دوورترین و تا قوولترین ئاستێک کە لەتوانادایە لەلایەن سەرمایە و سەرمایەدارییەوە. جەنگی سەرمایەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوەیە کێیان لەم دەستبەسەرداگرتنەی موقەدەراتی کار و هەڵسورانی مرۆڤایەتی کرێکار و کارکردوو زیاتر یان کەمتری بەردەکەوێ. ڕاشکاوانە دەڵێن ئاسودەییەکی زیاتر لەوەی تا ئێستا بووە، ئازادیەکی زیاتر لەوەی کە تا ئێستا بووە، خۆشگوزەرانیەکی زیاتر لەوەی تائێستا بوە، نەک هەر لە ئێمکاندا نیە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە ئەوەی هەبوە لەوە زۆرترە کە سەرمایە و سەرمایەداری بە پێویستی دەزانی. دەڵێن ئەو هەموو خەرجیە چیە بۆ پەروەردە و فێرکردن. بۆ نەخۆش و بە ساڵاچوان و بۆ دایەنگە و باخچەی ساوایان و بۆ بیمەی بێکاری تەرخانکراوە. دەڵێن کوا باوی ئەو شتانە ماوە، ئابوری و بازاڕ و سەرمایە دەبێ کاری خۆیان بکەن و هەرکەس دەتوانێ ئازاد و تاک و تەنها شەڕی خۆی بکا و بجەنگی بۆ مانەوە. لە کاتێکدا دنیا لێوالێوی سەروەت و سامانی خوڵقاوی کاری کۆمەڵایەتیە، لە کاتێکدا کە تەکنۆلۆژیایەک بەردەستە و موعجیزەی گەورەی لە توانای بەرهەمهێنەری کاری مرۆڤدا خەڵق کردوە کە لە توانادایە بەڕاستی مرۆڤایەتی خۆشبەخت بکات و مرۆڤایەتیەکی ئازاد لە برسێتی و داماوی و ناچاریی کارکردن لەپێناو مانەوەدا بۆ هەتاهەتایە ڕزگار بکات، خەریکن داماویەکی چەندین ساڵەی تر، بێمافیەکی چەندین دەهەی تر و ڕاسترەویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەی تر کە ناوکۆکەی ئابوری کاری هەرزانە لە ئاستێکی جیهانی و فراواندا دابسەپێنن.

٢٤.٤.٢٩٢٥

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# مووچە لە هەواڵەکاندا!

## عوسمانی حاجی مارف

تا ئەو کاتەی پرسی موچە لە ناو هەواڵی میدیاکاندا بێت، مانای وایە کێشەی موچە چارەسەر نەبووە!

بارگرانیەکی قورس و ناچاریەکی سەخت و دیاردەیەکی شەرماوەرە، کە مامۆستایان و فەرمانبەران و هەر کارمەندێکی حکومی، دوای دەوام بەهۆی دواکەوتن یان نەدانی موچە، لە هەولی کارێکی تردا بن بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی خێزانەکەیان، چونکە ناتوانن پشت بە مووچەکانیان ببەستن، لەبەرئەوەی لە وادەیەکی دیاریکراودا مووچە نادرێت، هەندێکجاریش زیاتر لە ٧٠ رۆژ دوادەکەوێت، یان مانگێکیان دەفەوتێ، ئیتر چۆن دەتوانرێت بەبێ ئاسایشی دارایی ژیان بەسەر ببرێت؟

سەرەرای چەندینجار بایکۆت و خۆپیشاندان و نارەزایەتی و مانگرتن کە لەلایەن مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە رێکخرابوو، بەڵام ئەم قەیرانی کێشەی موچەیە تائێستا بەشێوەیەکی ریشەیی لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە چارەسەر نەکراوە، هیچ کەسێک دڵنیانیە لەوەی کەی کۆتایی ئەم کێشەیە دێت!.

هەرچەندە لەلایەک کێشەی موچەی هەرێمی کوردستانی عێراق هەر لەسەرەتای باڵادەستی بارزانی و تاڵەبانیەوە و لەسەرەتای نەوەدەکانەوە زۆر نەرێنی و نامرۆڤانە مامەڵەی کراوەو کاریگەری لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی داناوە، لەلایەکی ترەوە هەردوو بارزانی و تاڵەبانی بە غەرقبوونیان لەنێو گەندەڵی و داگیرکردن و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی کوردستان، زۆر نابەرپرسانە و بێباکانە و زۆر بێبایەخ مامەڵەی موچەی تەواوی کارمەندانیان کردوە.

لەلایەکی ترەوە رەگ و ریشەی قەیرانی موچە لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤، کە ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر لە سەر نەوت و داهاتی گومرکی ناوچە سنوریەکان و بەرێوەبردنی بودجە پەرەی سەند. ململانێکان زیاتر ئاڵۆزتر بوون بەهۆی کاردانەوەکانی شەری داعش و دابەزینی نرخی نەوت، کە بووە هۆی راگرتنی تەرخانکردنی دارایی بۆ حکومەتی هەرێم، تا ئێستاش ململانێ و کێشەیەکی نەوەستاوی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقە، بەگوێرەی هاوسەنگی هێزیان مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، نەک پێداویستیەکانی ژیانی هاولاتیان.

ئاواتی شێخ جەناب، لە ٣ ی شوباتی ئەمساڵدا رایگەیاند، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی گەیشتونەتە چارەسەر بۆ پرسی موچەی ساڵی ٢٠٢٥ بۆ فەرمانبەرانی هەرێم، بەجیا لەوەی کە تائێستا کێشەکانیان لە هەموو مانگێکدا سەرهەڵئەداتەوە، هیچ مانگێک دڵنیایی نیە کەی موچە دابەشدەکرێت و نەچۆتە ناو پرۆسەی جێگیر بونەوە، کارمەندان دەبێت لە رێگەی هەواڵەکانەوە بۆ هەرمانگێک ببیستن موچەکانیان کەی و چۆن ساغ دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە باسکردن لەسەر ئەوەی "گەیشتونەتە چارەسەری پرسی موچەی ساڵی ٢٠٢٥" واتە دەبێت لە ٢٠٢٦دا دوبارە تاوتوێی بکەنەوە، واتە ئەم پرسە دەردێکی شێرپەنجەیە و چارەسەری درێژخایانە و نەزانراوە کەی بەلایەکدا دەکەوێت.

بەگشتی فەرمانبەران وەک ئەزمونێکی سی ساڵەیان بەرامبەر دەسەلاتی بارزانی و تاڵەبانی و چۆنیەتی پێکهاتەی حکومەتی هەرێم و پەیوەندیان بە حکومەتی عێراقەوە، دڵنیان لەوەی ئەم رێکەوتنەش لەسەر موچەی ئەمساڵ هاوشێوەی رێکەوتنەکانی تر دەبێت، کە لەنێوان هەردوولا ئەنجامدراون و لەئەنجامدا چارەسەری کۆتاییان لێنەکەوتۆتەوە، تا گەرەنتی پێدانی موچە ئاسایی بکات.

بریارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ گواستنەوەی موچەی فەرمانبەران بۆ سیستەمی پارەدانی راستەوخۆ تا ئێستا جێبەجێنەکراوە و هەواڵێکیش لەسەر جێبەجێکردنی نیە، بەهۆی گەندەڵی و نەبونی شەفافیەت لەناو ئیدارەی هەرێم و ئیدارەی حکومەتی عێراق و کێشەکانی نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا، تائێستا پارەدانی راستەوخۆ و "بانکی هەژماری من" لە ململانێ و سەوداو مامەڵەدایە.

ئەوەی بەرچاوە داتا فەرمیەکان بەدەگمەن دەگۆردرێن بۆ چارەسەری کۆتایی تا متمانە بدات لەوەی موچە بە دڵنیایی لە کاتێکی دیاریکراوی مانگانە دەگاتە دەست فەرمانبەرانی کەرتی حکومی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، کارمەندان، بەتایبەتی لە کەرتی پەروەردەدا، هەمیشە لە ئامادەباشی و خۆ ریکخستنندان، هەر کات پێویست کات شێوازی جۆراوجۆر لە نارەزایەتی پیادە دەکەن.

ئومێد خۆشناو بەجیا لەوەی تەنها حکومەتی ناوەندی بەرپرسیار دەکات دەربارەی پرسی موچە، لەلایەکی ترەوە حکومەتی هەرێم بە بێتاوان وەسف دەکات لە دواکەوتنی دابینکردنی بودجەی

موچەی فەرمانبەرانی هەرێم.

ناوبراو لەکاتی نارەزایەتی و مانگرتنەکانی مامۆستایاندا ئەوەشی بە ڕۆژنامەنوسان ڕاگەیاند: "کەس داوای مۆڵەتی خۆپیشاندانی لە هەولێر نەکردووە، پرسی خۆپیشاندان و گردبونەوە و دەربڕینی ڕەتکردنەوەی پرسێکی دیاریکراو پێویستی بە ڕێکاری دروست هەیە، ئێمەش بە پێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی لەو جۆرەدا دەکەین ئەگەر هەر کەسێک داوا بکات". بەلام ئومێد خۆشناو بێویژدانانە ئەوە فەرامۆش دەکات کە بۆخۆیان تائێستا بە کام یاسا لە ماوەی سی ساڵ زیاتری دەسەلاتداریاندا مامەلەیان لەگەڵ موچە و گوزەرانی هاولاتیاندا کردووە.!؟ یان موچە و گوزەرانی خەلکیان کردوە بە ئامرازی ململانێکانیان، لە هەمانکاتدا بێشەرمانە موچەی چەندین مانگیان خواردوە.

لە بەرامبەر ئەو شەرمەزاریەی کە ڕوبەڕوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتەوە و بێتوانایی خۆیان نیشان ئەدەن لە چارەسەرکردنی قەیرانی بەردەوامی موچە، باڵ و قوباد تاڵەبانی، بەسەردانیان بۆ لای مانگرتوەکان، هەوڵیاندا تورەیی خۆپیشاندەران هەلبمژن و بەلاریدا بیانەن، ئەوەی شایانی باسە مانگرتوەکان تەواو شەرمەزاریان کردن، لە هەمانکاتدا مانگرتوەکان نارازیەتیەکەیان گواستەوە بۆ ڕێگرتن لەو تەنکەرە نەوتانەی سەرچاوەیەکی داهاتی ماڵی تالەبانیە، تالەبانی بیئەوەی هیچ ئومێدێک دەربارەی جێگیربونی موچە بخاتەروو، بەهێزی میلیشیای تایبەت بە خۆیان سەرکوتی نارەزایەتیەکانی کرد، پرسی موچەش لە شوێنی خۆیدا بە نارۆشنی ماوە.

هاولاتیان بەردەوام لە مەراقی گوێبیستی ئەوەن بزانن هەواڵەکان چۆن باسی موچە دەکات و کەی موچە دەگات و کەی دابەش دەگرێت، ئەوەی جێگای باس و سەرنجە لە هیچ شوێنێکی دنیادا باسی موچە لە هەواڵەکاندا نیەو موچەکان لە کاتێکی دیاریکراودا دەگاتە دەستی فەرمانبەران، کە بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی ولاتەکاندا بەشێوەی تەکنیکی پێشکەوتوانە کاری لەسەر دەکرێت. ئەوەی شایانی باسە ئەو داهاتە بێشومارەی لە بازرگانی و قاچاخچێتی و تالانی سەروەت و سامانی کوردستان دەچێتە گەنجینەی ماڵی بارزانی و تالەبانیەوە، دەتوانێ موچەی فەرمانبەران و ژیانێکی شایستە بۆ هاولاتیانی هەرێم دابین بکات، بەلام هەرگیز کاری واناکەن.

تا موچەی فەرمانبەرانی کوردستان پرسێک بێت هەواڵەکانی پێ برازێنرێتەوە، واتە پرسێکە بێچارەسەر ماوەتەوە و بێچارەسەر دەمێنێتەوە.

بەجیا لەوەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق تائێستا کێشەکانیان یەکلاییەنەبۆتەوە، ئاشکرایە کە لەسایەی دەسەلاتی هێزی میلیشیایی ئیسلامی و نەتەوەپەرستی و بنەماڵە و حکومەتی بەشبەشێنە و تەوافوقیدا هەرگیز یەکلایینابێتەوە، خەلکی کوردستان و عێراق لەسایەی ئەم دەسەلاتە میلیشیا بنەماڵەیە و تائیفیەدا پێویستیان بە شۆرشێکە، بۆئەوەی کۆتایی بەم جۆرە دەسەلاتە بهێنن. حکومەتێکی بێباک و مشەخۆری بنەماڵەیی و تائیفی، نەیەوێت گوێ بەداواکاری هاولاتیانی بگرێت و وەلامی کێشەکانیان نەداتەوە، نەک شایەنی دەسەلاتداریەتی نیە، پێویستە ریسواو دادگایی بکرێن.

★

## لەبەرنامەی " دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە

### خەبات لە دژی ئالودەبوون و قاچاخچێتی بە ماددە بێهۆشکەرەکانەوە

قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای کڕین و فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکان و تاقیبکردن و سزادانی توند و لێبڕاوانەی ئەوانەی بەرهەمی دەهێنن و قاچاخچێتی پێوە دەکەن و بە شێوەی نایاسایی دەیفرۆشن.

کۆمەک بە مەسەلەی خەبات لە دژی ئالودەبوون لە ڕێگای لەناوبردنی ئەو زەمینە کۆمەلایەتی و ئابووریانەوە کە دەبنە هۆی ڕوتێکردنی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان و پشتیوانیکردن لە ئالودەبووان لە بەرامبەر دەلال و تۆرەکانی قاچاخچێتی و فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکاندا.

بە تاوان هەژمارنەکردنی ژیانی ئالودەبووان و یارمەتیدانیان بۆ وازهێنان لە ئالودەبوون لە ڕێگەی:

پێکهێنانی کلینیکی دەولەتی بۆ دابینکردنی ڕێژەیەکی پێویست لە مادده بێهۆشکەرەکان بۆ ئالودەبوان لە حالەتی نیشاندانی ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی وازهێنان لە ئالودەبووندا.

ڕێگەدان بە هەلگرتنی بڕێک ماددەی بێهۆشکەر بە ئەندازەی پێویستیی شەخسی. دابینکردنی خۆرایی سرنج و ئەمپول بۆ هەموو ئەوانەی کە خوازیارین، لەڕێگەی دەرمانگەکانەوە بەمەبەستی پاراستنی ئالودەبووان لە نەخۆشیەکانی وەک ئایدز، هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر و...تاد و کۆمەککردن بە کۆنترۆلکردنی مەودای بلاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە.

قەدەغەکردنی هەرجۆرە دوورخستنەوە، زیندانیکردن و دابڕینێکی ئالودەبووان لە کۆمەلگا تەنها لەبەر ئالودەبوونیان. ئالودەبوون بە مادده بێهۆشکەرەکان خۆی لە خۆیدا تاوان نیە.